# (بزرۆکە) لە زمان و لە نووسینی کوردیدا

کازم عەباس زەندی

## دەروازەی باس

هەبوونی بزرۆکە لە زمانی کوردیدا ئەو ڕاستییەیە کە پێویست بەهیچ ڕایەکی تر ناکات، بابەتێکە زۆر باس کراوە و لە شیکردنەوە ڕێنووسییەکاندا بەهەند وەرگیراوە، کەسیش لاری لەوە نییە ئەگەر بڵێین بزرۆکە کورتە دەنگێکە، لە وشە و بڕگەدا ئەگەر بزوێنی تەواو نەبێت دەوری بزوێن دەبینێت، هەروەک ئاشکراشە بزوێن دەورێکی بنەڕەتی لە جووڵاندنی دەنگە نەبزوێنەکاندا دەگێڕێت، بۆیە پێویستە لە ڕێنووسدا دەربخرێت، یان حاڵەتەکانی دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی لە نووسیندا دیاری بکرێت.

بزرۆکە لە نووسینی کوردیدا بابەتێکی ئاڵۆزە، چونکە لە کاتی بەراوردکردن و دەرخستنی لە هەردوو ئەلفوبێی عەرەبی و لاتینیدا، جیاوازی لێکدانەوەیان لە نێواندا دروست دەبێت، بەڵام ئێمە لەم باسەدا بەدواداچوون بۆ بزرۆکە لە ئەلفوبێی لاتینیدا ناکەین، چونکە نامانەوێت نیگاری پیتە لاتینییەکان تێکەڵی باسەکەمان ببێت کە گرفتی چاپکردنی لێ پەیدا دەبێت، لەهەمان کاتدا بزرۆکە لە نێوان هەردوو ئەلفوبێشدا بەراورد ناکەین، چونکە بەراوردکردنیان بابەتێکە زۆر لەوە زیاتر هەڵ دەگرێت کە لە باسێکی وا کورتدا بتوانین لێکدانەوە و ڕوونکردنەوە بۆ هەموو لایەنەکانی بکەین، هەروەها دەرکەوتنی بزرۆکە لەم حاڵەتانەشدا بەراورد ناکەین کە بەئەلفوبێی عەرەبی نانووسرێت و لە لاتینیدا دەنووسرێت، چونکە ڕاهاتن لەسەر ئەم شێوە ڕێنووسە دروستبووە و زەحمەتە ئێستا بتوانرێت لە ئەلفوبێی عەرەبیشدا وەک ئەلفوبێی لاتینی نیگارێکی تایبەتی بۆ دروست بکرێت و لە ڕێنووسدا پەیڕەو بکرێت، بەڵکو هەوڵ دەدەین ئەو لایەنە شاراوانە لە بابەتی بزرۆکەدا دەربخەین، کە بەنادیاری ماونەتەوە، یان کەم باس

دەکرێن و وەک ڕاستییەکی سەلمێنراو مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت، بەڵکو وەک زانیاری گوماناوی بەسەریدا تێپەڕدەبین، ئەم لایەنە شاراوانەش لەدوو خاڵدا کۆدەکەینەوە کە بریتین لە:

ا- هەموو بزرۆکەیەک دەنگی (ی) نییە، بەڵکو بە دەنگی (و)ش دەردەکەوێت. ب- بزرۆکە لە ئەلفوبێی عەرەبیشدا دەردەخرێت لەو کاتەی کە بزوێنی درێژ بە جووت (وو -یی) دەنووسرێت.

بزرۆکە لە ئەلفوبێی لاتینیدا دەنووسرێت و هیچ گرفتێکی دەرخستنی تێدا نییە، چونکە نیگاری تایبەتی بۆ دانراوە و شێوە نووسینی فۆنەتیکی برگەیی تێدا پەیڕەو دەکرێت، لەم شێوە نووسینەشدا دەبێت بزوێن لە وشە و لە برگەدا دەربخرێت، ئینجا ئەگەر بزوێنەکە دیار و تەواو، یان ناتەواوی بزرۆکە بێت، بەڵام لە ئەلفوبێی عەرەبیدا دەرخستن و دەرنەخستنی گرفتێکە بیروڕای جیاوازی لێ دروست دەبێت، چونکە نیگاری تایبەتی بۆ نییە و شێوە نووسینی فۆنەتیکی فۆنیمی تێدا پەیڕەو دەکرێت، لەم شێوە نووسینەشدا تەنیا پیت و دەنگ بەرانبەر بەیەکتر دەکرێت، بۆیە نووسینی بزرۆکەی تێدا بە هەند وەرناگیرێت.

## دەرکەوتنی بزرۆکە بەهەردوو دەنگی (ی، و)

هەژمار نەکردنی کورتە دەنگی(و) بە بزرۆکە و بەرانبەرکردنی بە بۆرەی عەرەبی لە هەندێک وشەدا هۆکارێکە وای کردووە کە دەنگی (و) لە نێوان تەواو و بزرۆکەدا، لە نێوان کورت و درێژی دەربڕیندا، لە نێوان تاک و جووت نووسینیدا، لە نێوان بیروبۆچوونی زمانەوانانیشدا زۆرترین گرفت و جیاوازی تێ بکەوێت، چونکە هەندێ کەس هەموو دەنگێکی (و) بە فۆنیمێکی سەربەخۆ هەژمار دەکات، ئینجا ئەگەر دەنگەکە تەواو و بزرۆکە و درێژیش بێت.

بە شێوەیەکی گشتی دەرکەوتنی بزرۆکە لە ئاخاوتندا بەپێی دەربڕینی ئاخێوەرە، لە نووسیندا بەپێی پەیڕەوکردنی شێوە نووسین و بەکارهێنانی ئەلفوبێیە، لە ئەرکیشدا بەپێی گۆڕانی واتایە، بە واتای ئەوەی لەوانەیە لەسەر زاری کەسێک، یان لە شێوەزارێکدا هەست بەبوونی بزرۆکە بکرێت و لە شێوەزارێکی تردا هەست بە بوونی نەکرێت، لە وشەیەکدا گۆڕان لە دەربڕینی دەنگەکاندا ڕوودات، جارێک بزرۆکە بە دەنگی (ی) و جارێکی تر بە دەنگی (و) دەربکەوێت، لە ئەلفوبێیەکدا بنووسرێت و لە ئەلفوبێکەی تردا نەنووسرێت، لە شێوە نووسینێک دەربخرێت و لە شێوە نووسینێکی تردا دەرنەخرێت، ئەمانەش وادەکەن جیاوازی دەنگ و بیروبۆچوون و دەرخستن و هەژمارکردن و گرفتی ڕێنووسی لێ پەیدا ببێت.

ئەگەرچی بزرۆکە زیاتر بە کورتە دەنگێکی ژێرە پێناسە دەکرێت، بەڵام بە باوەڕی ئێمەش مەرج نییە هەموو کورتە دەنگێکی بزرۆکە بە تەنیا دەنگی (ی) بێت، بەڵکو بە دڵنیاییی لە هەندێک حاڵەتدا بە کورتە دەنگی (و)ش دەردەکەوێت، بەڵام بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە پێویستە لێکدانەوەی قووڵتر بکرێت و ئامێری پێشکەوتووی جیاکردنەوەی دەنگەکان لەکاتی دەربڕیندا بەکار بهێنرێت، چونکە ئاڵوگۆڕبوونی بزرۆکە لە نێوان دەنگی (ی) (و)دا بەپێی حاڵەت و ئاخاوتنی شێوەزارەکان دەردەکەوێت، بۆ نموونە لەو حاڵەتەی کە وشەکان بە (و) دەست پێ دەکەن و نەبزوێنییان بە دوادا دێت وەک لە (و...شە) - (و...تە) - (و...لات) - (و...ن) - (و...ش/ت...ر...تاد، کورتە دەنگێک لە نێوانیاندا پەیدا دەبێت، ئەم کورتە دەنگەش هەندێک کەس بە بزرۆکەی (ی) دەزانێت و هەندێکی تر بە (و)، لە فەرهەنگەکەی مامۆستا تۆفیق وەهبی و س. ئەدمۆنسدا تێکڕای ئەو وشانەی بە (و)ی نەبزوێن دەست پێ دەکەن، پیتی (و)ی بزوێنییان بە دوادا هاتووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە دەنگی دووەمی ئەو وشانە کورتە بزوێنی (و)ە، هەروەها لە فەرهەنگەکەی مامۆستا قەناتی کوردۆش زۆربەی وشەکان هەر بەو چەشنە تۆمارکراون، بەڵام چەند وشەیەک بە هەردوو شێوە، واتە پیتی دووەم بە بزوێنی (و، ی) نووسراون، مامۆستا (نووری عەلی ئەمین)یش هەبوونی کورتە بزوێنی (و)ی لەم حاڵەتانەدا کردووەتە بەڵگەی بە جووت نووسینی (و)ەکان لەم وشانەدا، (د. ئەورەحمانی حاجی مارف)یش دەڵێت من لەگەڵ ئەو ڕایەدام کە دەنگی دووەمی زۆربەی هەرە زۆری ئەو جۆرە وشانە کورتە بزوێنی (و)ە، بەڵام لە ناویاندا وشەی ئەوتۆ هەن کە بە دوای (و)ی نەبزوێن بزوێنی (ی) دێت(١)، هەروەها هەندێ شێوەزاریش دەربڕینی بزرۆکە لە نێوان هەردوو دەنگ و لە هەندێک وشەدا ئاڵوگۆڕ دەکەن وەک کە دەڵێن (کوردیستان - کیرمانج - دیلبەر - میژدە - دیرپندە...تاد لەم حاڵەتەدا بزرۆکەکان بەدەنگی (ی) دەردەکەون، کەچی هەندێکی تر بزرۆکەکان بە دەنگی (و) دەردەخەن و دەڵێن (کوردوستان - کورمانج - دولبەر -

موژدە- دوڕوندە...تاد لەمەشدا دیارە کە بزرۆکە بەهەردوو دەنگی (و، ی) دەردەکەوێت، یان ئاڵوگۆڕ دەبێت، بەڵام لێرەدا ئەو گرفتە سەرهەڵدەدات کە (و) لە تاخمە وشەی دووەمدا (کوردوستان...تاد بە فۆنیم دەزانرێت نەوەک بە بزرۆکەی (ی) لە بەرانبەر تاخمە وشەکانی یەکەمدا (کوردی ستان...تاد، لەم حاڵەتەشدا وا دەردەکەوێت کە بزرۆکە بە فۆنیم ئاڵوگۆڕ دەبێت، هەروەک دەزانین کە ئەمەش نابێت، چونکە هەریەکەیان نرخی خۆی هەیە، فۆنیم لە دەنگێکی تەواو پەیدا دەبێت، بزرۆکە لە کورتکردنەوەی دەنگ دروست دەبێت، بۆیە هاوتای یەکتر نینە تا بەیەکتر ئاڵوگۆڕ ببن، لەمەشدا دەردەکەوێت کە بزرۆکە بە دەنگی (و)ش دەردەکەوێت، بەڵام لە ئەنجامی جیاوازی و سروشتی دەربڕینی هەردوو دەنگدا ئەم ناتەباییە دروست دەبێت کە (و) بە بزرۆکە نازانرێت، ئەمەش هەموو لێکدانەوەکانی بەلارێدا بردووە، لەو ڕاستییەی دوور خستووینەتەوە کە کورتە دەنگی (و)یش هەروەک بزرۆکەی(ی) لە نێوان دوو دەنگی نەبزوێندا پەیدا دەبێت، هۆکاریش لەمەدا ئەوەیە کە لەسەرەتاوە تا ئێستا دەرخستنی بزرۆکە لەسەر چەند ڕاستییەکی بەرچاو ڕۆنراوە، ئەم ڕاستییانەش بەسەرچاوەی هەموو لێکدانەوەکان وەرگیراوە، بۆیە هەموو دەنگێکی بزرۆکە هەر بە (ی) زانراوە:

**ڕاستی یەکەم/** لە کورتکردنەوەی ئەم دوو دەنگەدا چەند پلەیەک دروست دەبێت کە سیفەتی کورت و کورتیلە و زۆر کورت و نیمچە کورت و فرەکورت وەردەگرێت، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا کورتە بزوێنی (و) لە (ی) درێژتر و ڕوونترە، بۆیە بزرۆکەی (و) تێکەڵ بە دەنگ و بزوێنە تەواوەکەی دەبێت، ئەمەش وادەکات بەبزرۆکە نەزانرێت.

**ڕاستی دووەم/** ڕێژەی هەرە زۆری بزرۆکەکان کورتە دەنگی (ی)ە، ئینجا (و)، ئەمەش وای کردووە بزرۆکەی (ی) بەرچاوتر بێت لە (و).

**ڕاستی سێیەم/** لە هەموو حاڵەتێکدا، ئەگەر بزرۆکە کورتە دەنگی (و)ش بێت، دەتوانرێت بە دەنگی (ی) بگۆڕرێت، بەبێ ئەوەی واتای وشە بگۆڕێت، بەڵام مەرج نییە لە هەموو حاڵەتێکدا دەنگی بزرۆکەی (ی) بە دەنگی (و) بگۆڕدرێت، ئەمەش وای کردووە هەموو دەنگێکی بزرۆکە هەر بە (ی) بزانرێت.

**ڕاستی چوارەم/** لەبەر ئەوەی زمانی کوردی بە چەندان شێوەزار شیکردنەوەی بۆ دەکرێت، بەدوو ئەلفوبێی(عەرەبی و لاتینی) دەنووسرێت، دوو شێوە نووسینی فۆنەتیکی (فۆنیمی و برگەیی) تێدا پەیڕەو دەکرێت، بۆیە دەرخستنی بزرۆکە لە نێوان شێوەزارەکان و ئەلفوبێکان و شێوە نووسینەکاندا جیاوازی تی دەکەوێت.

## پیتە بزوێنەکان

پیتە بزوێنەکان ئەو دەنگانەن کە جووڵە و یارمەتی بەدەربڕینی دەنگە نەبزوێنەکان دەدەن، ئەم دەنگانەش زۆرترین ئاڵوگۆڕ و سوانیان بەسەردا دێت لە نێو وشەکاندا کە تا ڕادەیەکی زۆر جیاوازی دەربڕینی شێوەزارەکانی لێ پەیدا دەبێت، بەڵام هەژمارکردنی پیتە بزوێنەکان یەکێکە لەو گرفتانەی کە لەکۆنەوە تا ئێستا یەکلایی نەبووەتەوە، چونکە جیاوازی لە دەستنیشانکردنیاندا هەیە، هەندێک کەس بزوێنی کورت و درێژیش وەک فۆنیمێکی سەربەخۆ لە هەژمارکردندا بەهاوتای بزوێنە تەواوەکان دەزانن، بەڵام ڕاستییەکەی ئەمانە هاوتای یەکتر نین، چونکە لە بنەڕەتدا لە کورتکردنەوە و درێژکردنەوەی (و، ی) تەواو دروستبوونە.

هەر ئەلفوبێیەک ئەم دوو دەنگە بە شێوەیەکی جیاواز پیشان دەدات کە لە ئەلفوبێکەی تر جیاوازە، لە ئەلفوبێی عەرەبیدا نیگاری بزرۆکە دەرناخرێت، کەچی لەلاتینیدا دەردەخرێت، درێژە بزوێن بەجووت (وو) پیشان دەدرێت و بە پیتێکی بزوێن هەژمار دەکرێت، کەچی درێژی (ی) بەهەند وەرناگیرێت و هەژمار ناکرێت، لەمەشدا لێکدانەوە و شیکردنەوە و هەژمارکردنی بزوێنەکان جیاوازی تێ دەکەوێت، ئەوەی زیاتریش گرفتەکەی قووڵتر کردووەتەوە ئەوەیە کە لە چەند وشەیەکی دەگمەنی وەک (کوور - کوڕ) بەدرێژ و کورتی دەربڕین واتاکەی دەگۆڕێت، ئەمەش وایکردووە هەندێک کەس بزوێنە درێژی (وو) بەهاوتای فۆنیمە تەواوەکان بزانن، سەعید کابان (شەش) بزوێن و تۆفیق وەهبی پیتە بزوێنەکانی بە(دە) پیت داناوە، مامۆستا ئیبراهیم باڵداریش (پێنج) بزوێنی دەستنیشان کردووە(٢) ڕەحیم سوڵتانی بزرۆکە و حەفت بزوێنی لە هەردوو ئەلفوبێدا دەستنیشان کردووە(٣) کۆڕی زانیاری کورد (شەش) بزوێنی داناوە(٤) کەچی ئەکادیمیای کوردی (حەفت) پیتی دەستنیشان کردووە(٥) لیژنەی وەزارەتی پەروەردە حەفت بزوێن و کورتە بزوێنی دەستنیشان کردووە(٦)، بەڵام بە باوەڕی ئێمە پیتە بزوێنەکان لە زمانی کوردیدا بریتین لە

(شـەش) بزوێنی تەواوی(ا، ە، ی، ێ، و، ۆ)، ئینجـا لەکـورتکردنەوە و درێژکـردنەوەی بزوێنی (و، ی) پلە بزوێنی کورت و درێژ پەیدا بووە.

## جۆرەکانی بزوێن

پیـتـە بزوێنەکـان لە ڕووی ئەرکـەوە بۆ دوو جـۆر دابەش دەبن:

**جۆری یەکەم - بزوێنە هەمیشەییەکان**

ئەو دەنگ و پیـتانەن کە ئەگەر لە هەر پێگەیەکی وشە و بڕگـەدابن هەردەم ئەرکی بزوێنی دەبینن و هەرگـیـز بە دوای یەکترەوەش نایەن، هیچ گرفت و جیاوازییەکیش لە ڕێنـووسی ئەم بزوێـنانەدا نیـیـە، چونکـە درێژ و کورتکردنەوەیان لە ڕێنووسدا بەهەند وەرناگیرێت، بریتین لە هەر چوار دەنگی (ێ، ۆ، ە، ا)

١- بزوێنە تەواوی (ێ) وەک لە (فـێنک، شـێـر، لادێ...تاد.

٢- بـزوێـنـە تـەواوی (ۆ) وەک لـە (گـــۆڕ، پـۆل، کاردۆ...تاد.

ئەم دوو دەنگە لە زمانی کوردیدا دوو دەنگی ڕەسەن و سەربەخۆن و لەپلەی فۆنیـمـدان، چونکە لە بەشی هەرە زۆری دەستەواژە کوردییەکاندا بە گۆڕینی (و) بۆ (ۆ) - (ی) بۆ (ێ) واتاگـۆڕی بەواتای وشـەکـان دەکەن، بۆیە ناشـێت وەک پلەیەکی بزوێنی (و، ی) هەژمـار بکرێن، وەک لەم نموونانەدا دەردەکـەوێت (دوو -دۆ) (ڕوو -ڕۆ) (شـوو -شـۆ) (جـوو - جـۆ) (نـوو -نۆ) (بـوو - بۆ)- (دی - دێ) (سی، سێ) (ژی - ژێ)...تاد.

ئەم دوو بزوێنە بە(و، ی)ی تیـژ و کـراوەش ناوزەند دەکـرێن، چونکە پیـتـی سـەربەخـۆیان بۆ نییـە، بۆیە لە ئەلفـوبێی عـەرەبیـدا بە نیـشـانەی هەڵگەڕاوەی وەک ژمـارە(٧) لەسـەر پیت و فـۆنیـمی (و، ی) نیگـاریان بۆ دروست کراوە.

٣- بـزوێـنـە تـەواوی (ە) وەک لـە (وەرە، نـەتـەوە، مەل...تاد.

ئەم بزوێنە دەنگێکی نزمە، درێژکردنەوە و کورتکردنەوە هەڵ ناگـرێت، چونکە کـە درێژ دەکرێتەوە دەنگەکە بەرز دەبێـتـەوە لە شـێـوەی (ا) دەردەکـەوێت، کـە کـورتـیش دەکرێتەوە کورتە دەنگی (ھ) لە دوایدا دەردەکەوێت وەک لە (دە = د ە ھ/ جە = ج ە ھ/ نە تە و ە ھ...تاد.

٤-بـزوێـنـە تـەواوی (ا) وەک لـە(تـارا، ســـــاوار، زانا...تاد.

ئەم بزوێنە دەنگێکی بەرزە، هەرگـیـز کورتکردنەوە هەڵ ناگـــرێت، بەڵام کـــە بەرز دەکـــرێتـــەوە بەدرێژبوونەوە دەردەکـــەوێت لەو کـــاتـەشـــدا تـەنیـــا ئاوازی دەربڕینی دەگۆڕێت.

## تێبینی

هەروەک دەزانین ئێستا بەبزوێنی (ە) دەگوترێت بزوێنی کـــورت و بەبزوێنی (ا) دەڵێین بزوێنی درێژ، بەڵام بە باوەڕی ئێـمـە ئەم ناونانە لەگـەڵ سروشـتی دەربڕینی ئەم دوو دەنگەدا ناگـونجـێت، چونکە دەنگی (ە) دەنگێکی نزمـە، دەنگی (ا)ش دەنگێکی بەرزە، بۆیە ئێـمـە وا پێشنیـار دەکەین کە ئەم ناونانە بگۆڕڕێن، دەنگی(ە) بە بزوێنی نزم (نزمـە بزوێن)، دەنگی (ا) بەبزوێنی بەرز (بەرزە بزوێن) بناسرێت بۆ ئەوەی ئەم ناونانە تێکەڵ بە ناوی کورتە بزوێن و درێژە بزوێنی(و، ی)ش نەبێت.

**جۆری دووەم - بزوێنە پێگەییەکان**

هەردوو دەنگ و پیتی (و، ی) دەگرێتەوە، چونکە ئەم دوو پیتە بەپێی پێگە و هاتنی بزوێنە هەمیشەییەکان لە پێش، یان لەدواییاندا لە وشە و لە بڕگەدا دەوری بزوێنی دەبینن، بەڵام هەرگیز وەک دوو بزوێن بە دوای یەکترەوە نایەن، هەردوو پلەی کـورت و درێژە بزوێنیـشـیـان لێ دروست دەبێت.

ئەم دوو پیتە بە فۆنیمی دوولاییش دەناسرێن، چونکە دەوری بزوێن و نەبزوێن دەبـینن، بەڵام لە ئەلفـــوبێی عـەرەبیـدا نیگاری جیـاوازییـان بۆ نییـە، کـەچی لە ئەلفوبێی لاتینیدا نیگارەکانیان لەیەکتر جیایە.

## پلە بزوێنەکان

ئاشکرایە کە زۆربنەی دەنگە کوردییەکـان لە دەربڕیندا کورتکردنەوە و درێژکردنەوە هەڵدەگرن(٧) بەبێ ئەوەی لە نووسـیندا ڕەنگ بداتەوە تەنیـا هەردوو دەنگی (و، ی) نەبێت، کە لەو کاتەی دەوری بزوێن دەبینن پلەی تایبەت بۆ درێژی و کـورتیـــان دادەنرێت و لە ڕێنووسـدا دەردەخرێت، بەپێی بڕیارەکـانی دەستـەی کـورد لە کۆڕی زانیـاری وا پێشنیـارکـراوە کـە پلە بزوێنی درێژ بە دوو (وو) بنووسـرێت، جیـاوازی نێـوان (وو) (ۆ) (و)ش دەربخرێت(٨) مـحەممەد ئەمین هەورامی دەڵێت بزوێن لە زمـانی کـوردیدا زۆرە جگە لە کـورتە بزوێن، کـە لەهەر فـۆنیمێکدا نزیکەی چوار کورتە دەنگمـان هەیە (کورتە سـەر و کـورتە بۆر و کـورتە ژێر و کـورتە وەسـتـان) کـە

ئەمانە تاڕادەیەک شاراوەن، چەند بزوێنێکی ئاشکراشمان هەیە کە بە شازدە شێوە دەربخستووە(٩) مامۆستا (شاکر فەتاح)یش دەڵێت پیتی (و) چوار پلەی هەیە (واوی کورت) وەک (کوڕ، خوڕ، کورت، کورد) (واوی درێژ) وەک (کووڕ، پوور، دوور) (واوی قووڵ) لەوە دەچێت هەر (و) بێت، بە زۆرینە وەک (وو)ی درێژ دەنووسرێت) (واوی کراوە) وەک (بۆر، چۆڕ، خۆر) پیتی (ی)ش سێ پلەی هەیە ((ی) کورت) وەک (دڵ ی زامدار - خۆر ی بەهار)، (ی) درێژ) وەک (پیر، تیر، پەری، دڕی)، (ێ) کراوە) وەک (مێ، تێر، پێرار)(١٠)

هەردوو پیتی (و، ی) دوو پیتی تایبەتن لە زمانی کوردیدا، چونکە دەوری بزوێن و نەبزوێن و چەندان دەور و ئەرکی ڕێزمانی وەک (ئامرازی خستنە پاڵ و بەیەکتر بەستنەوە و نیشانەی چاوگ و جێناو و...تاد دەبینن، بەڵام دەرخستنی پلە بزوێنەکانیان لە نووسیندا ئەو گرفتەیە کە بێ چارە ماوەتەوە، چونکە دەتوانرێت کورت بەدرێژ و درێژ بە کورت دەرببڕێت و لە نووسیندا تێکەڵ بەیەکتر بکرێن، ئەمەش لە ئەنجامی دوو هۆکارەوەیە:

**یەکەم/ لە زۆرینەی حاڵەتەکاندا واتای وشە ناگۆڕێن.**

نەگۆڕینی واتاش وادەکات نووسەر بایەخ بەو جیاوازییە نەدات، خوێنەریش جیاوازی لە نێوان کورت و درێژ و تاک و جووت نووسیندا نەکات.

**دووەم/ ڕێنووسی کوردی بەیاسای دەربڕین ڕێکخراوە.**

یاسای دەربڕینیش بیروڕا و دەربڕینی تایبەت، یان ئارەزووی نووسەر و زمانەوانێک دەکاتە پێوەر بۆ جیاکردنەوەی پلە بزوێنەکان لە نووسیندا، ئەمەش وا دەکات نەتوانرێت گرفت و جیاوازییەکان چارە بکرێن و یەک بخرێن، چونکە هەردەم بیروڕاو دەربڕین و ئارەزوویەکی تر هەیە کە دژی بێت.

لە زمان و نووسینی کوردیدا پیتە بزوێنەکان سێ پلە وەردەگرن، پلەی یەکەم هاوبەشە لەنێوان هەموو فۆنیمە بزوێن و نەبزوێنە تەواوەکاندا، چونکە لە دەنگە سەربەخۆکان دروست دەبن.

پلەی یەکەم بزوێنە تەواوەکانی (ە، ا، و، ۆ، ی، ێ) دەگرێتەوە، ئینجا لەسەر بزوێنە تەواوەکانی (و، ی)دا پلەی دووەمی کورت و سێیەمی درێژ پەیدا دەبێت، کورتەکەیان بە بزوێنی کورتی بزرۆکە دەچوێنرێت، ئینجا لە کورتکردنەوەی زیاتری دەنگی بزرۆکەدا وردە پلەی کورتیلە و کورتتر و کورتترین و نیمچەکورت و فرەکورت و زۆر زۆر کورتی لێ دروست دەبێت، لە درێژکردنەوەشدا وردە پلەکانی درێژتر و درێژترین و زۆر درێژی لێ پەیدا دەبێت(١١)، بەڵام لە ڕێنووسدا وردە پلەکان بە هەند وەرناگیرێن و هەموویان هەر بە کورت و درێژ هەژمار دەکرێن، بەو واتایەی تەنیا پلەی تەواو و کورت و درێژ لە ڕێنووسدا ڕەچاو دەکرێت.

## نیگاری پلە بزوێنەکان

لەبەر ئەوەی هەر سێ پلە بزوێنی تەواو و کورت و درێژی (و، ی) لە ڕێنووسدا ڕەچاو دەکرێت، بۆیە هەر لە سەرەتاوە نیگاری تایبەتییان بۆ دانراوە.

**نیگاری پلە بزوێنە تەواوەکان/** ئەم پلەیە لە ئەلفوبێی عەرەبیدا بە نیگاری (ی، و) دەردەخرێت، لە دوو حاڵەتیشدا دەردەکەوێت:

**یەکەم/** ئەگەر وشەیەک، یان بڕگەیەک لە چوار پیت پێک بێت، ئینجا یەکێک لەم پیتانە بزوێنی (و، ی) بیت وەک (کورد، پونگ، نوست، لینگ، بیست - د/ ڕوست، س/ ڕوشت، تە/نیشت...تاد.

**دووەم/** ئەگەر (و، ی) لە نێوان دوو نەبزوێندا بێت لە کاتێکدا بڕگەیەکی تر بە دوایدا بێت کە بنجی پێکهاتەی وشەکە بێت نەوەک پاشگر و زیادە بێت وەک (کور/ تان - چون/ کە - پوخ/ تە - خور/ ما - نوش/ تە - گیر/ فان - میه/ ڕە/ بان...تاد

**نیگاری پلە بزوێنە کورتەکان/** ئەم پلەیە دەوری بزوێنی بڕگە و وشە دەبینێت لە کاتێکدا کە بڕگە و وشە بزوێنی تەواوی تێدا نەبێت، ئەو بۆشاییە پڕدەکاتەوە کە لە نێوان دوو دەنگی نەبزوێندا پەیدا دەبێت، لە هەندێک حاڵەتدا زۆر بە ڕوون و بەئاشکرایی هەست بە بوونی دەکرێت و لە هەندێک حاڵەتی تردا ناڕوون و بزر و نادیار دەبێت، لە ئەلفوبێی عەرەبیدا نیگاری بۆ نییە و هەر بەبزرۆکە ناو دەبرێت، هەرچەندە لە زمانە سامییەکاندا، عیبرانی و ئارامی هەیە لە شێوەی خاڵێکدا کە دەخرێتە ژێر پیتەکە بۆ ئەوەی بزانرێت کە دەنگەکە دەنگێکی زۆر کورتی ژێرە، دیارە لە ئاڤێستادا هەستی پێ کراوە و زوو وێنەی بۆ سازکراوە، ئەم دەنگە مەیلەو ژێرە کورتە لە کوردی ئێستەشدا زۆر هەستی پێ دەکرێت، بە تایبەتی لە وشەی یەک بڕگەدا وەک(دڵ، مل، بل، گڵ، زل، تف، مس، دڕ، کڕ) (١٢)

لەو کاتەی کە ئەلفوبێی عەرەبی بۆ نووسینی کوردی بەکار دەهێنرێت، ئەگەر بە نیگاری (ی) بنووسرێت

واتای وشە، یان ئاوازەکەی دەگۆڕێت، چونکە ئەم نیگارە نوێنەرایەتی دەنگێکی تەواو دەکات وەک (دل، دی ل/ مـن، م ی ن/ برنج، بـی ری نج/ مـــــشـک، می شی ک...تاد، کـەچی لە ئەلفـوبێی لاتینیـدا نیگارەکـەی نوێنەرایەتی هیچ دەنگێکی تر ناکـات، بۆیە ئەگـەر بشنووسرێت ناخوێنرێتەوە و واتای وشەکە ناگۆڕێت.

**نیگاری پلە بزوێنە درێژەکان/** ئەم پلەیە لە ئەلفـوبێی عەرەبیدا بە نیگاری جووت (وو - یی) پیشان دەدرێت، ئەم نیگارەش بە پێی کـاریگەری پیتـە نەبزوێنەکـان و پێگەیان لە سـەرەتا و ناوەڕاست و کـۆتایی بڕگـە و وشەکاندا دەردەکەوێت.

نیگاری (یی)درێژ لەگەڵ ئەوەی هەروەک (وو)ی درێژ دانی پێـدا دەنرێت، بەڵام لە ئەلفـوبێی عـەرەبیـدا دەرناخـرێت، بەڵکو لە زۆرینەی حـاڵەت و بەپێی دەستنووسی هەرەزۆری نووسەران (یی)درێژ هەر بە (ی) تەواو دەنووسرێت وەک لە (تییـر = تیـر/ مـاسیی = مـاسی...تاد، ئەمـەش لە ئەنجامی ئەوەدایە کـە بزرۆکـە تەنیا بە دەنگی (ی) زانراوە، بۆیە لە ئەلفوبێی عەرەبیدا نەنووسراوە، بەڵام کـە بزوێنی درێژ بە (و) دەرکـەوتووە درێژییـەکە بە دوو (و)نووسراوە، چونکە (و)ی دووەم بە بزرۆکە نەزانراوە.

## پێکهاتەی پلە بزوێنەکان

بزوێنە تەواوەکـانی (و، ی) دوو پیت و فـۆنیـمی سـەربەخـۆن و لەیەک دەنگی تەواو دروست دەبن، بۆیە هیچ گرفـتێک لە دەستنیشـانکردنی پێکهاتەکـانیـاندا نییـە، بەهەمان شێوە لە پێکهاتەی بزوێنە کورتەکانیشدا هیچ گرفـتێکی دەسـتنیـشـانکردن نییـە، چونکە لە دەنگێک کـەمتر دەردەکـەون، بەڵام لەدەستنیشـانکردنی پێکهـاتەی بزوێنە درێژەکـاندا گـرفت و جیـاوازی هەیە، چونکە کە درێژ دەکـرێنەوە لە دەنگێک زیاتر دەردەکـەون ئینجـا لەکـاتی هەژمـارکـردنی ئەم دەنگە زیادەیەدا بیـروبۆچوون و لێکدانەوەی جیـاواز دروست دەبێت، چونکە بۆ هەر دەنگێک لەدەنگەکـان پیـتێک دەکرێتـە وێنە، بە پێی بڕیاری ئەنجومـەنی کـۆڕی زانیـاری کـورد (وو)ی درێژ هەریەکـەیان یەک دەنگە لە پیـتی گیـراو (مشدد) بەو لاوە ئەوانی تر سەراپایان یەک پیتن(١٣)، بەڵام بەپێی ڕاسپـاردەکانی ئەکـادیمیای کوردی(و) (وو) دوو فـۆنیـمن، چونکە گـۆڕینی (و) بە (وو) جیـاوازی دەخاتە نێوان وشەکانەوە و وشەی نوێ پەیدا دەکات وەک

(کـور - کـوور) (١٤) ڕایەکی تریش هەیە دەڵێت بۆ نیشـاندانی دەنگی (و)ی درێژ کە دوو پیت دانراوە، بێ گومان هیچ لێکدانەوەیەک ڕێگە بەوە نادات کە دوو پیت بکرێتـە نیـگاری یەک دەنگ(١٥) لە ئەنجـامی ئەم جیـاوازیبیـانەدا چەند گـریمانەیەک بۆ پێکهـاتەکـانیـان دادەنرێت:

**گـریمانەی یەکـەم/** هەندێک کـەس پێکهـاتەی بزوێنە درێژی (و، ی) بەیەک دەنگی درێژی نەپچـڕاوە دەزانن بەم شێوەیە (یـــــــ، وـــــــ) ئەم نیگارەش لە ڕێنووسدا دەرناخرێت، بۆیە ئەو کەسانەی کە بەپێی ئەم گریمانە ڕێنووسی بزوێنی درێژ دەکەن لە هەموو حاڵەتێکدا (و، ی) درێژ بەتاک دەنووسن.

لەم گریمانەیەدا درێژی (و، ی) بەوێنەی درێژکردنەوەی بزوێنە تەواوەکـــانی (ە، ا، ۆ، ێ)دەزانرێت، هەروەک دەزانین درێژکـردنەوەی ئەم بزوێنانەش لە ڕێنووسدا لەبەر چاو نـاگیـرێن، بۆیە هەر بەتاک دەنووسـرێن، بەڵام لەبەر ئەوەی دەربڕینی بزوێنی درێژ جیـایە و لە بەرانبـەریدا بزوێنی کـورت هەیە، لە سـەرەتای نووسـینی کـوردیشـدا درێژکردنەوەی (و، ی) لەبەر چاوگیراوە و درێژکردنەوەکە بە دوو دەنگ زانراوە و بەدوو پیت نووسـراوە، بۆیە لە جێگەی خۆیدا نییە ئەگەر درێژی (و، ی) بە بزوێنەکانی تر بەراورد بکرێت و پێکهـاتەکەی بەیەک دەنگ بزانرێت و بەیەک نیگار بنووسـرێت، بۆیە دەبێت لە ڕێنووسـدا ڕەچاو بکرێت.

**گـریمانەی دووەم/** هەندێک کـەس پێکهـاتەی بزوێنە درێژی (و، ی) بەیەکگرتنی دوو بزوێنی تەواو دەزانن بەم شێوەیە:

- (و) بزوێن + (و) بزوێن = بزوێنی درێژی (وو)
- (ی) بزوێن + (ی) بزوێن = بزوێنی درێژی (یی)

ئەگـەر ئەم گـریمانەیە ڕاست بێت، دەبێت لەگـەڵ ئەو بنەمایانەدا ڕێک بکەوێت کە لە نووسینی کوردیدا پەیڕەو دەکرێت:

ا- بەپێی بنەماکانی ڕێنووسی کوردی نابێت فۆنیمی سەربەخۆ لە وشـەدا بسوێنرێت، یان نەنووسـرێت، چونکە واتای وشـــە دەگـــۆڕێت، بەڵام دەبینین لە ســـوین و نەنووسینی یەکێک لەدوو دەنگی بزوێنە درێژەکانی وەک (چوون= چون/ تییر= تیر/ ماندوو= ماندو/ ماسیی = مـاسی...تاد واتای وشـەکـان ناگۆڕێت، مـەگەر لە چەند دەستەواژەیەکی دەگمەندا نەبێت، لە دەگمەنیشدا پێوەر وەرناگـیـرێت، ئەمـەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی بزوێنی درێژ لە

دوو بزوێنی تەواو پێک نایەت، ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا وا دەردەکەوێت کە دوو دەنگی وەک یەک دەکەونە پاڵ یەکتر ئینجا دەنگەکە درێژ دەبێتەوە.

ب-بەپێی بنەماکان نابێت دوو بزوێن لە وشە و لە بڕگەیەکدا بەدوای یەکتردا بێن، بەڵام بەپێی ئەم گریمانەیە بێت دوو بزوێن بەدوای یەکتردا دێن، ئەمەش دژی بنەماکەیە، بۆیە بزوێنی درێژ لە دوو بزوێن پێک نایەت.

ج- بەپێی بنەماکان دوو پیت نابێتە نیگاری دەنگێک، لە دوو دەنگی سەربەخۆشدا فۆنیمێک دروست نابێت، بەڵام بە پێی ئەم گریمانەیە دوو دەنگی سەربەخۆ بە فۆنیمێک دەزانرێت، ئەمەش پێچەوانەی بنەماکەیە، بۆیە بزوێنی درێژ لە دوو دەنگی سەربەخۆ پێک نایەت.

د- بەپێی بنەماکان بزوێن ناکەوێتە سەرەتای وشە و بڕگە، بەڵام ئەگەر بەپێی ئەم گریمانەیە بێت (و، ی) لە (وو/شە - وو/ڕچ - کا/ووڕ - با/ووک - دا/ییک - ئا/یین...تاد کە بەدوو دەنگی بزوێن دەزانرێن، (و، ی) سەرەتاش بە بزوێن دەردەکەوێت، ئەمەش پێچەوانەی بنەماکەیە، بۆیە بزوێنی درێژ لە دوو بزوێنی تەواو پێک نایەت.

**گریمانەی سێیەم/** پێکهاتەی بزوێنە درێژی(و، ی) بە یەکگرتنی دوو دەنگی بزوێن و نەبزوێنی تەواوی (و، ی)دەزانرێت بەم شێوەیە:

- (و) نەبزوێن + (و) بزوێن = بزوێنی درێژی (وو)

-(ی) نەبزوێن +(ی) بزوێن = بزوێنی درێژی (ییـ)

لەم گریمانەیەشدا درێژکردنەوەکە وەک دوو پیتی بزوێن و نەبزوێن دەردەکەوێت هەروەک د- ئەوڕەحمانی حاجی مارف دەڵێت ئەو وشانەی کە بەدەنگی (و)ی کۆنستانت دەست پێ دەکەن هەندێک لەو ڕایەدان کە بەیەک واو بنووسرێن، هەندێکیش نووسینی دوو واو پەسەند دەکەن، بەشێک لەوانەی کە یەک واو دەنووسن بێ ئەوەی بیریان لێ کردبێتەوە هەر لەخۆڕا وایان بەلاوە باشترە، بەڵام ئەگەر تەماشای وشەی (ووزە) بکەین دەبینین لەچوار دەنگی (و)ی نەبزوێن و (و)ی بزوێن و (ز) (ە)و دوو بڕگەی (وو)/ (زە) پێکهاتووە و لەهەر بڕگەیەکیاندا بزوێن هەیە و وەک ئاشکراشە مەرجە لە بڕگەدا بزوێن هەبێت، جا کە ئەم وشەیە بەدوو (و) نووسرا، ئەوە هیچ دەنگێکیان بێ نیگار نابێت و هیچ بڕگەیەکیش ناتەواوی تێ ناکەوێت(١٦).

لەم لێکدانەوەیەدا (و)ی دووەم بە بزوێنی تەواو دانراوە و لەگەڵ فۆنیمە نەبزوێنی سەرەتادا بە یەک دەنگی درێژ هەژمارکراوە، ئەمەش نابێت، چونکە دوو پیت نابێتە نیگاری دەنگێک.

ئەگەر پێوەر لە یەکگرتن و کەوتنە پاڵ یەکتری بزوێن و نەبزوێنەکانی تریش وەربگرین، دەبینین دوو پیت بە پێکهاتەی یەک دەنگ هەژمار ناکرێن، بەڵکو هەر دەنگێکیان سەربەخۆیە و بەنیگاری فۆنیمێک نوێنەرایەتی دەکرێن، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە یەکگرتن و کەوتنە پاڵی بزوێن و نەبزوێنی (و، ی)ش بەپێکهاتەی یەک دەنگ نازانرێت تا بڵێین بە هەردووکیان پلە درێژی (و، ی)یان دروست کردووە.

**دەرکەوتنی بزرۆکە لە پلە بزوێنی درێژدا**

بەڵگە نەویستە کە پێکهاتەی بزوێنی درێژ لە دەنگێک زیاتر دروست دەبێت، بەڵام هەروەک لە گریمانەکانی پێشوودا سەلماندمان کە لە یەک دەنگی درێژ، یان لە یەکگرتنی دوو دەنگی تەواوی بزوێن، یان بزوێن و نەبزوێن دروست نابێت، کەواتە دەبێت لە پاڵ بزوێنە تەواوەکانی (و، ی)دا دەنگێکی تر هەبێت بۆ ئەوەی پلە بزوێنی درێژ دروست ببێت، بەباوەڕی ئێمەش ئەو دەنگەی کە دەکەوێتە پاڵ دەنگە تەواوەکان و بزوێنی درێژ دروست دەکات کورتە دەنگێکە لە دەنگدانەوەی بزوێنە تەواوەکاندا پەیدا دەبێت، دەنگدانەوەش وەک لەرینەوە وایە کە چەندان وردە دەنگی ناتەواوی کورت و کورتتر و فرەکورت و...تاد لێ دروست دەبێت، ئاشکرایە کە کورتە دەنگیش بە بزرۆکە دەچوێنرێت، بۆیە وا ڕاستترە گریمانەی پێکهاتەی بزوێنی درێژ بە یەکگرتنی بزوێنی تەواوی (و، ی)و بزرۆکەی (و، ی) بزانرێت.

ئەگەر لە بڕگەکردنی وشەکاندا ئەم گریمانەیە جێبەجێ بکەین دەبینین هیچ دژایەتی و ناتەبایییەکی لەگەڵ بنەماکانی ڕێنووسی کوردیدا لێ دەرناکەوێت تەنیا ئەو جیاوازییە نەبێت کە لەو کاتەی پێگەی بزوێنی درێژ دەگۆڕێت:

ا- ئەگەر (و، ی) لە سەرەتای وشە و بڕگەدا نەبزوێنیان بەدوادا بێت بە (و، ی) (نەبزوێن + بزرۆکە)دەزانرێت، چونکە بەپێی بنەماکانی ڕێنووسی کوردی وشە و بڕگە بەبزوێن دەست پێ ناکات، بۆیە هەردەم پیتەکانی (و، ی) لە سەرەتای وشەو بڕگەدا بە نەبزوێن دەردەخرێن، هەروەها وشە و بڕگەی کوردیش بێ بزوێن نابێت، بۆیە کە وشە و بڕگەکان بزوێنی تەواویان تێدا نابێت، بزوێنی بزرۆکەی بۆ دادەنرێت، ئەمەش وادەکات لە نەبزوێن و بزرۆکەدا دەنگێکی درێژ دروست

ببێت، بەڵام لەو کاتەی کە نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی دەکرێت ئاساییە ئەگەر بزرۆکەکە نەنووسرێت، بۆیە (و، ی)ی درێژ بەتاکیش دەنووسرێت و بەڕاستیش دەزانرێت، هەروەک لە ڕێنووسی ئەم وشانەدا دەردەکەوێت:

لە سەرەتای وشەدا وەک:

- ووزە = (و+ بزرۆکە/ زە) = وزە
- ووشە = (و+بزرۆکە/ شە) = وشە
-ووتە = (و+ بزرۆکە/ تە) = وتە
-ووڵات = (و+ بزرۆکە/ ڵات) = وڵات
- ووڵاغ = (و + بزرۆکە/ ڵاغ) = وڵاغ
- ووجاغ = (و + بزرۆکە/ جاغ) = وجاغ
-ووچان = (و + بزرۆکە/ چان) = وچان
- ووڕێنە = (و +بزرۆکە/ ڕێ + نە) = وڕێنە
-وون = (و+ بزرۆکە + ن) = ون
- ییخ = (ی + بزرۆکە + خ) = یخ(١٧)

لەسەرەتای بڕگەدا وەک:

-چاووگ = (چا/ و + بزرۆکە +گ) = چاوگ
- باووک = (با/ و + بزرۆکە +ک) = باوک
-کاووڕ = (کا/ و + بزرۆکە + ڕ) = کاوڕ
- هەوور = (هە/ و + بزرۆکە + ر) هەور
- هێوور = (هێ/ و + بزرۆکە + ر) = هێور
- ئاووس = (ئا/ و + بزرۆکە + س) = ئاوس
- داییک = (دا/ ی + بزرۆکە + ک) = دایک
- قاییش = (قا/ ی + بزرۆکە +ش) = قایش
- ئایین = (ئا/ ی + بزرۆکە + ن) = ئاین
- پاییز = (پا/ ی + بزرۆکە + ز) = پایز...تاد.

لە بەراوردکردنی بنەماکانی ڕێنووسی کوردی و بەکارهێنانی ئەلفوبێکان لەم وشانەدا ئەو ڕاستییە ڕوون دەبێتەوە کە (و، ی)ی دووەم بزرۆکەیە، چونکە بزوێنی بڕگە بە بزرۆکە دەردەکەوێت، بۆیە لە ئەلفوبێی عەرەبیدا دەتوانرێت بنووسرێت و نەنووسرێت بەبێ ئەوەی واتای وشەکان بگۆڕێت، بەڵام لەلاتینیدا هەردەم (و، ی)ی دووەم بەنیگاری بزرۆکە دەردەخرێت و ناخوێنرێتەوە، ئەمەش وا دەکات بزرۆکە لە هەردوو ئەلفوبێدا بەرانبەر بەیەکتر ببێت و تایبەتمەندی هەر ئەلفوبێیەک لە ڕێنووسی وشەکاندا دەربکەوێت لەهەمان کاتدا هیچ دژایەتییەکیشی لەگەڵ ئەو بنەمایەدا نەبێت کە دەڵێت (دەبێت لە هەموو وشە و بڕگەیەکدا بزوێن هەبێت، ئینجا بزوێنەکە چ تەواو و چ ناتەواوی بزرۆکە بێت).

## لێکدانەوە

ئەگەر دوو کۆمەڵە وشە لەگەڵ یەکدی بەراورد بکەین، کۆمەڵەیەکیان بە (و، ی) دەست پێ بکەن، کۆمەڵەکەی تر بە نەبزوێنەکانی تر، دەبینین ئەو ڕاستییە زیاتر ڕوون دەبێتەوە کە دەنگی دووەم لە بزوێنە درێژەکان دەنگی بزرۆکەیە.

ئاشکرایە کە وشەیەک، یان بڕگەیەک بە (و، ی) دەست پێ دەکات و نەبزوێنی بە دوادا دێت، دەتوانرێت بزرۆکەکە بە نیگاری (و، ی) بنووسرێت، چونکە واتای وشەکە ناگۆڕێت، بەڵام کە وشەیەک بە نەبزوێنەکی تر دەست پێ بکات، لەم حاڵەتەدا ئەگەر بزوێنە بزرۆکەکە بە نیگاری (و، ی) بنووسرێت واتای وشەکە دەگۆڕێت، چونکە نوێنەرایەتی دەنگێک دەکات لە ئەلفوبێی عەرەبیدا، بۆیە دەتوانرێت نەنووسرێت، کەچی لە لاتینیدا دەنووسرێت و ناخوێنرێتەوە، چونکە نیگارەکەی نوێنەرایەتی دەنگێکی سەربەخۆ ناکات وەک لە بەراوردکردنی ئەم وشانەدا دەردەکەوێت:

* (و + بزرۆکە + شە (ووشە، وشە) - (ب + بزرۆکە/ + زە (بزە)
* (و + بزرۆکە/ + ڵات (ووڵات، وڵات) -(م + بزرۆکە/ زاش (مزاش)
* (با/ و + بزرۆکە + ک (باووک، باوک) - (مە/ ز +بزرۆکە + ن (مەزن)
* (دا + ی + بزرۆکە + ک (داییک، دایک)- (جە/ ژ+بزرۆکە +ن (جەژن)

ب- ئەگەر (و، ی) لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەو بڕگەدابن، نەبزوێنیان لەپاش و پێشدا بێت، پێکهاتەکەیان لە (و، ی)بزوێن + بزرۆکە) دروست دەبێت:

لە ناوەڕاستی وشە و بڕگەدا وەک:

- لووس = (ل + (و)بزوێن + بزرۆکە + س) = لوس
- پووش = (پ +(و)بزوێن + بزرۆکە + ش) = پوش
- کەرکووک = (کەر/ ک +(و)بزوێن + بزرۆکە +ک) = کەرکوک
- گەردوون = (گەر/ د + (و) بزوێن + بزرۆکە + ن) = گەردون
- باکوور = (با/ ک + (و) بزوێن + بزرۆکە + ر) = باکور...تاد.
- خەڵووز = (خە/ ڵ + (و) بزوێن + بزرۆکە + ز)= خەڵوز

- میین = (م + (ی)بزوێن + بزرۆکە + ن) = مین
- تییر =(ت + (ی) بزوێن + بزرۆکە + ر) = تیر
- سییس =(س + (ی) بزوێن + بزرۆکە + س) = سیس
- ڕەنگیین = (ڕەن/ گ + (ی) بزوێن + بزرۆکە + ن)= ڕەنگین
- پەنییر = (پە/ ن +(ی) بزوێن + بزرۆکە + ر) = پەنیر...تاد

لەکۆتایی وشەو بڕگەدا وەک:

- موو = (م + (و)ی بزوێن + بزرۆکە) =مو
- بۆردوومان = (بۆر/ د+(و) بزوێن + بزرۆکە/ مان) = بۆردومان
- خانوو =(خا/ ن + (و) بزوێن + بزرۆکە)= خانو
- ئارەزوو = (ئا/ رە/ (ز + (و) بزوێن + بزرۆکە)= ئارەزو
- دیی= (د + (ی) بزوێن + بزرۆکە) = دی
- دییلان = (د + (ی) بزوێن +بزرۆکە/ لان) = دیلان
- شییوەن = (ش+ (ی) بزوێن + بزرۆکە/ وەن) = شیوەن
- سیی = (س + (ی) بزوێن + بزرۆکە) = سی
- ماسیی = (ما/ س + (ی) بزوێن + بزرۆکە) = ماسی
- یاریی = (یا/ ر + (ی) بزوێن + بزرۆکە)= یاری

ئەگەر سەرنج بدەینە ڕێنووسی ئەم وشانە، دەبینین نیگاری بزوێنی درێژ لە ئەلفوبێی عەرەبیدا بە دوو (وو) دەردەخرێت و (یی) درێژ بەهەند وەرناگیرێت و هەر بەتاک (ی) دەنووسرێت، ئەگەرچی هەردوو دەنگیش لەیەک پێگەدا بە درێژ دەردەبڕێن، ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەوەیە کە بزرۆکە تەنیا بەدەنگی (ی) زانراوە، بۆیە نەنووسراوە، بەڵام لە ئەلفوبێی لاتینیدا پلەی درێژی هەردوو دەنگ بە نیگاری تایبەت دەردەخرێت کە هێمای کڵاوەی ژمارە (٨) لەسەر نیگارە بنەڕەتییەکانیان دادەنرێت.

لەم حاڵەتانەدا هیچ بنەمایەکی کوردی نییە کە پێمان بڵێت ئەم (و، ی)انە دەبێت بە (وو – یی) بنووسرێن، چونکە ئەگەر بە تاکیش بنووسرێن بنەماکانی ڕێنووسی تێدا جێبەجێ دەبێت و هیچ دژایەتییەکیشی لەگەڵ ئەو بنەمایەدا نابێت کە دەڵێت دەبێت لە هەموو بڕگە و وشەیەکدا بزوێنێک هەبێت، چونکە بزوێنێکی تەواویان تێدا دەردەکەوێت، بەڵام لەبەر ئەوەی بزوێنی درێژ شێوەی دەربڕینی جیاوازە و پلەی کورتیشی لە بەرانبەردا هەیە، بۆیە دەرخستنی خۆی دەسەپێنێت و پێویست بەوە دەکات کە بەنیگاری پلە درێژ لە نووسیندا ڕەچاو بکرێت.

## پوختەی باس

هەروەک ئاشکرایە لە نووسینی کوردیدا هەردوو ئەلفوبێی عەرەبی و لاتینی بەکار دەهێنرێن، هەر ئەلفوبێیەکیش شێوە نووسینێکی تێدا پەیڕەو دەکرێت، بۆیە لەهەر ئەلفوبێیەکدا دەرخستنی بزرۆکە بە شێوەیەکە کە جیاوازە لە ئەوی تر، بەڵام لە هەموو بارێکدا بزرۆکە لە بڕگەکردنی وشەکاندا دەردەکەوێت، چونکە کە بزوێنی تەواو لە بڕگەدا نەبێت شوێنەکەی بەبزرۆکە پڕدەکرێتەوە.

**یەک –** بزرۆکە لە کورتکردنەوەی دەنگەکانی (و، ی) پەیدا دەبێت، بەڵام هەردەم دەنگی بزرۆکەی (و) لە بزرۆکەی (ی) درێژترە، ئەمەش وای کردووە بزرۆکە زیاتر بە دەنگی (ی) بناسرێت و بزرۆکەی (و) بە بزوێنی تەواو بزانرێت.

**دوو–** لە ئەلفوبێی لاتینیدا نیگاری تایبەتی بۆ بزرۆکە دانراوە و بەپێی شیکردنەوەی بڕگەیی دەردەخرێت، بۆیە لە هەموو حاڵەتێکدا دەنووسرێت، بەڵام لە ئەلفوبێی عەرەبیدا نیگاری تایبەتی بۆ نییە و بزوێنی بڕگە دەرناخرێت، بۆیە لە هەندێک حاڵەتدا هەرگیز نانووسرێت وەک (ب../ ر..نج (برنج) (ک..ر/ د..ن(کردن) (د..ڵ (دڵ)...تاد، چونکە بە دانانی نیگاری (و، ی) ئاواز و واتای وشە دەگۆڕێت کە ئەمەش نابێت، لە هەندێک حاڵەتی تردا دەتوانرێت بنووسرێت و نەنووسرێت، وەک لە (ووزە =وزە) (ووشە =وشە) (ووڵات = وڵات) (چاووگ = چاوگ) (باووک = باوک) (کاووڕ = کاوڕ) (داییک = دایک) (ئایین = ئاین) (پاییز = پایز...تاد، چونکە واتای وشە ناگۆڕێت، لە هەندێک حاڵەتی تریشدا بزوێنی درێژ بە دوو (و) دەنووسرێت وەک لە (پووش – دروون – ڕووداو – ماندوو...تاد، چونکە (و)ی دووەم بە بزرۆکە نازانرێت، کەچی بزوێنی درێژی (ی) بەیەک (ی) دەنووسرێت، چونکە (ی) دووەم بە بزرۆکە دەزانرێت، هەروەک دەزانین ئەم بیرۆکەیەش زاڵە کە دەڵێن بزرۆکە لە ئەلفوبێی عەرەبیدا نانووسرێت، بۆیە بزوێنی درێژی (و) بە دوو (و) دەرخراوە و بزوێنی درێژی (ی) بەیەک (ی) نووسراوە، بەڵام ڕاستییەکەی (و، ی) دووەم لەهەردوو

بزوێنی درێژدا بزرۆکەیە، ئەم ڕاستییەش لە ئەلفوبێی لاتینیدا دەرخراوە و لە نووسیندا بەهەند وەرگیراوە، بۆیە لەسەر نیگاری بزوێنە تەواوەکاندا بە دانانی نیشانەی کلاوە(٨) نیگار بۆ بزوێنی درێژی (و، ی) دروستکراوە.

**سێ-** بزوێنی درێژ لە یەکگرتنی بزوێنی تەواو و کورتە بزوێنی بزرۆکە دروست دەبێت، ئەمەش لە نووسیندا هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ بنەماکانی ڕێنووسی کوردیدا لێ دەرناکەوێت، چونکە دەتوانرێت لە ئەلفوبێی عەرەبیدا بنووسرێت و نەنووسرێت، لەکاتی بەراوردکردنی ڕێنووسی کوردیش بە هەردوو ئەلفوبێ ئەم بزرۆکەیە دەبێتە فریادڕەس بۆ چارەسەری هەموو گرفت و جیاوازییەکان، چونکە بزرۆکە لاوازترین ئەڵقەیە لە دروستبوونی وشەکاندا، بۆیە دەتوانرێت دان بەبوونیدا بنرێت، ئینجا ئەگەر بسوێنرێت، یان دەرنەخرێت هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ بنەماکان و کاریگەری لەسەر واتای وشەکان نەبێت.

**پەراوێز و سەرچاوەکان**

**١- گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، د، ئەوڕەحمانی حاجی مارف، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق، دەستەی کورد، بەرگی ٩، ١٩٨٢، ل٤٢.**

**٢ - ڕێنووسی کوردی لە ڕوانگەی فۆنەتیکەوە، محەممەد مەعرووف فەتاح، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق، بەرگی نۆیەم، ١٩٨٢، ل٢٤٣.**

**٣ - ڕێنووسی کوردی ل٥، ١٣٨٢ چ١.**

**٤ -ڕێنووسی کوردی لە ڕوانگەی فۆنەتیکەوە، محەممەد مەعرووف فەتاح، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق، بەرگی نۆیەم، ١٩٨٢، ل٢٤٣.**

**٥ -ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی بەرەو ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی، ٢٠٠٩، چاپی ١، ل١٠) (ڕێنووسی کوردی بە پێی بنەما زانستییەکانی ڕێنووسی گشتی، ٢٠١٣، چ٢، ل١٤) ئەکادیمیای کوردی.**

**٦- ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی، پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی، چ٩، ٢٠١٦ز، ل١٨٦.**

**٧- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هەندێ بابەتی زمان و ڕێنووسی کوردی، مامۆستا مەسعوود محەممەد، چ١، ٢٠١١، ل٤٠٨.**

**٨- ڕێنووسی کوردی بە پێی بڕیارەکانی کۆڕی زانیاری عیراق، دەستەی کورد ١٩٨٧، ل٨.**

**٩ - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فۆنەتیکی زمانی کوردی، محەممەد ئەمین هەورامی، چ١، ١٩٧٤، ل٣٩.**

**١٠ - شاکر فەتتاح ئەحمەد -گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی و شێوەی چارکردنیان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق، دەستەی کورد، بەرگی نۆیەم، ١٩٨٢، ل١١٨.**

**١١- بەباوەڕی ئێمە دەرکەوتنی ئەم وردە پلانە لە دەربڕیندا بووەتە هۆی سەرلێشێوان و بەلاڕێدا بردنی هەندێک لە زمانەوانان، چونکە بە هاوتای پلە بنەڕەتییەکانیان داناون نەوەک وردە پلەی دروستبوو لەسەر پلە بنەڕەتییەکان کە درێژ و کورتن، ئەمەش هۆکارێکە کە ژمارەی بزوێنەکانی زیاد و کەم کردووە و بیروبۆچوونی جیاوازی لە هەژمارکردن و دەستنیشانکردنی بزوێنەکاندا دروست کردووە.**

**١٢- د. پاکیزە ڕەفیق حیلمی، لە کوێوە دەست بکەین بە دەستوورسازی ڕێزمانی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی دووەم، بەشی یەکەم، ١٩٧٤، ل٣٤٣.**

**١٣- ڕێنووسی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٦، ل٦٦.**

**١٤- ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی بەرەو ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی، ئەکادیمیای کوردی، ٢٠٠٩، ل١٢.**

**هێنانەوەی تاکە نموونەیەک لە نێو سەدان هەزار وشەی کوردیدا نابێتە بەڵگە بۆ هەژمارکردنی (وو) وەک بزوێن و فۆنیمێکی سەربەخۆ، چونکە بێجگە لەم دانە نموونەیە باوەڕ ناکەم وشەی کوردی تری ڕەسەن هەبێت کە بە هەمان شێوە گۆڕانی (و) بە (وو) واتای وشە بگۆڕێت، هەروەها لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا (وو)ی درێژ لە (و)ی تەواو دروست دەبێت، بۆیە بە ئاڵوگۆڕبوونیان تەنیا ئاوازی دەربڕین دەگۆڕێت.**

**١٥- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق، دەستەی کورد، بەرگی نۆهەم. ١٩٨٢، ل٢٠.**

**١٦- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق، دەستەی کورد، بەرگی٩، ل٤٠، ساڵی ١٩٨٢.**

**١٧- پیتی (ی) لەسەرەتای وشە کوردییەکاندا زۆر بەدەگمەن نەبزوێنەکانی بە دوادا بێت، بەڵکو هەردەم بزوێنە هەمیشەییەکانی (ە، ا، و، ێ) بەدوادا دێت، ئەمەش وا دەکات بزرۆکە لەم حاڵەتەیدا کەمتر دەربکەوێت، بۆیە هیچ نموونەیەکمان بۆ نەدۆزرایەوە تا بیاننووسین تەنیا دەستەواژەی (یخ بوون) نەبێت کە بەواتای پاڵکەوتنی حوشتر دێت.**